مەسعود بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق کرد

ڕۆژی چوارشەممە 27ی ئاداری 2024، لە سەلاحەددین سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی پێشوازی لە ستیڤن هیچن، باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق کرد.

بە گوێرەی راگەیەندراوی بارەگای بارزانی، لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕ کرا و پێیوەست بە بابەتی هەڵبژاردن بارزانی ئاوڕی دووپاتکردەوە کە "هەر لە 1991ـەوە پارتی دەستپێشخەری هەڵبژاردن و گواستنەوەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بە شەرعیەتی یاسایی بووە و هەمیشەش لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی یەکەمی هێناوە. ماوەی دووساڵە کە هەڵبژاردنەکان بە بیانووی جەراوجێری سیاسی و هاندانی دەرەکی دوادەخرێت، ئێستاش کە بە بەیاری سیاسی دادگەی فیدراڵ و بەپێی ئەجێندای دەرەکی دەسکاریی یاسای هەڵبژاردن کراوە، ئێنجا دەڵێن با هەڵبژاردن بکرێت".

بارزانی ئاوەشی خستووەتەوە، "ئەمە خوازیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنین، بەڵام دوور لە دەستوەردانی دەرەکی و بەیارە سیاسییە مەبەستدارەکانی دادگەی فیدراڵ کە ئامانج لێی شکاندنی پارتی بێت". سەرۆك بارزانی ڕاشیگەیاند، "ئەمە ناچینە ژێر باری بەیاری نادەستووری دادگەی فیدراڵ کە

تەیدا دادگە خۆی خستووەتە جێگەی دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن". هەروەها ئەوەشی دووپاتکردەوە، "تێبینی و داواکارییەکانی پارتی یاسایی و لە چوارچێوەی دەستوور و لەپێناو بەرژەوەندی هەڵبژاردنەکی ڕاست و ڕەوا و بێگەردە".

بارزانی لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا تیشکی خستەسەر، "سیاسەتی برسیکردن و بێبینی بودجەی خەڵکی کوردستان و جێختی کردەوە کە ناکرێ مامەڵەی سیاسیانە لەگەڵ بودجە و قووتی خەڵکی کوردستان بکرێت بە لاوازکردن و شکاندنی ئیرادەی گەلی کوردستان، بەپێویستی زانی کە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە بە بابەتی بودجەی هەرێم دابنرێت". ئەوەشی بە شاندی میوان ڕوونکردەوە کە "ئێمە پشتئەستوورین بە ڕەوایەتیی دەزی گەلەکەمان و هەرەمی کوردستان بە خوێن و فرمێسکی گەلی کوردستان دروست بووە نەك بە بەیاراتی دەرەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان".

هەر لەو دیدارەدا باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق جێختی لەوە کردەوە، وڵاتەکەی هەر لە سەرەتای نەوەدەکانی سەددەی ڕابردوو هەتا ئێستا بە بایەخەوە سێری هەرەمی کوردستان دەکات و پاڵپشتیەتی و لەگەڵ هەرەمی کوردستانی بەهێز و سەقامگیر دایە. باسی لەوەشکرد "ئێمەی پارتی لە پێسەی سیاسیی عێراق و کوردستان گرنگە و پێسەی سیاسی و هەڵبژاردن لە هەرەمی کوردستاندا بە بەی ئێمەی پارتی پێسەیەکی کامل نابێت و دەمانەوێت یارمەتیدەر بن بە چارەسەرکردنی کێشەکان". ڕاشیگەیاند، لە نیگەرانییەکانتان تە دەگەین و بەیە لەرەین بە ئەوەی بزانین چۆن بەشدار و هاوکار بن بە چارەسەری کێشەکان و بەرژەوەندی هەڵبژاردنەکی ئازاد و پاك و بێگەرد.